# بڕووسکەیەک بۆ نیشتیمان



ئیسماعیل خورماڵی
xurmaly@yahoo.de

گلەیی بێ خودا گلەیی بێ

جێیەک نەمابوو ئەو وولاتە کزۆڵەی ئێمەی تیا بە ڕۆح بێ

ژێر زمانی ئەو هەموو قرش و ڕەقیبستانە نەبێ !

گلەیی بێ خودا گلەیی بێ

بەو هەموو بەرماڵ و نوێژ و مزگەوتەوە

چۆن دەسستت دەچێتە سوتانمان ، چۆن دڵت دێ

چەن ساڵ جارێ وەرین لە ئێمەوە دەست پێ بکا و

لە ئێمەوە تەور لە دڵە درەختا ، سەڵای دەمە زەرد بوون بکا !

گلەیی بێ خودا گلەیی بێ ، چۆن دەهێڵی ئەمجارەشیان

ئەهریمەنەکانی هاوسێ

لەئاگرمان هەڵپێچنەوە و

کفنمان بەنەوە دەست و

حەوشەمان بە قەورسانی کۆنە ساڵ کەن !

وەیلێ خودا ، لە کلۆڵی ئێمە وەیلێ

وەیلێ خودا ، لە ڕۆژی هەمیشە ڕەشمان وەیلێ

وەیلێ وەیلێ ، خوێنە و بەرۆک دەگرێ

تەورە و پەڵپی چنارە کچ دەگرێ

بایە و سەری گوڵی دەوێ

وەیلێ وەیلێ ،

لێ کوڕگەل و شار گەل و ئاوایی گەلم ، دەخیلتان بم

گەر لەم سەری بەرزانەوە تا ئەوپەڕی دابان

دواین یەکتان لە ناو مەرگا هەڵکولابن

نەهێڵن نا ، دووپشکی ناو ژارە دەشتی ڕەقیبستان

خوێن لە پێی قەدەرتان بێنن !

نەهێڵن نا ، داڵە کەرخۆرەی شام و گورگ و عەجەم

جارێکی تر دەمیان بگاتەوە بە کەرویشکی سەوزەڵانی ئەو ووڵاتە

نەهەێڵن نا ، لەو قەندیل و بەورسان و هەڵۆستانەدا

دڵی پڵەنگێ بشکێ و تفەنگێ لاوکی لێ ببڕێ !

گەر دوا یەکتان لەناو مەرگا هەڵکولابن ، نەهێڵن نا

ڕەنگێ لە ڕەنگی ئەو ئالایەتان بەرن و

نوور و سامالّی خواتان بە نووتەک بەرن !

دەخیلتان بم ، کوڕگەل و شار گەل و ئاوایی گەلم ، نەهێڵن نا

نەهێڵن نا ، لەو دەڤەری شەکر باری بادینان و (خانی)یەمدا

لەو گەرمە سێری (شێخ ڕەزا و ئەسیری) یەمدا

لەو بابانی (سالم و نالی و کوردی )یەمدا

لەو کەژی (مەولەوی و بێسارانی) یەمدا

ئەشکێ لە چاوی دهۆک بێ و

زامێ لە دڵی هەولێر بێ و

کۆترە قیژەی خوشکێ ، لە تەوێڵی سلێمانییەوە بفڕێ و

کەرکووک جارێتر لە زوڵمی سڕینەوە بگلێ !

دەخیلتان بم نە هێڵن نا ، بە زووانی لووس و ئۆمێد

جارێکی تر وولآت بە قیامەتێکی تردا بەرن و

قەیاغی هۆش و عەقڵتان ، بە زۆنگاوی خشتەیەکی تردا بەرن

ئایندەتان لە سووچی قەفەزێکی تەڵادا پێچن !

دەخیلتان بم ، چاو کراوە بن چاو کراوە ، ئەمجارە

ئەمجارەیان

گرانە زمان و خاکتان بەخشنەوە بە بێهۆشی

بەخەیاڵ و فەرامۆشی

دەخیلتان بم نەکەن بە مەکری گورگ تێکەون

بە هەمسی مارێ شلوێ بن !

خۆتان و هەلاج و شاختان نەبن

خۆتان و کرێوە و شەوتان نەبن

لەدەوری ئومێدی کەس گردەوە مەبن

لەخۆشماندا

یان لە کۆڕی گەلەماری قەراخ چەمی عرووبەدا

گەلە ماری ئەمبەرمان و ئەوبەرمان

گەلەماری دڵشکاوی بە ئەزموونمان

هەرکەسێ خوا گەلحۆی کرد و لێی خڵەفا

ڕیقنەی کۆتری (خڵەتان) کەوتە سەر زمانی و خواستی وا بوو

خواستی وا بوو ، بەسێبەری هەر پاساوێ ، هەر ماساوێ

ژیان بە دووپشکی ئەنفالچییان بەخشێتەوە

(هەڵەبجە) لە ناو دارە مەیتێکی تردا ،

لە حەشرێکی گەورەتردا

بۆ جاف و بۆ (گۆران)مان بنێرێتەوە

گەر ئەولییا و گەر پێشەوای دواین عەسری سیاسەت بن

لەهەر قەوم و مەزهەبێ بن

وەک بنچکی گۆزروان و تولی تووترِک ،

وەک چووزەی ڕێواس لە نێو سیینییە گەلادا

زووانە بچکۆلەی ببڕن

خەساوی نێو قەوم و عوومر و بەناو گەواڵەی سیاسەتی کەن

چێترە لەوەی ئارامی ،

لەسەر حسابی نەتەوەیەک ڕاکێشن !

دەخیلتان بم کوڕ گەڵ و شار گەل و ئاوایی گەلم

نەهێڵن نا ، داڵەکەرخۆرەی شام و گورگ و عەجەم ئاودیو ببن

دهۆک .. تو بی و زاخۆ ، توبی و گۆڕەکەی خانی و مەم و زین

بەگۆڕسان و بەچڵ و چێوی ئەنفالت سوێندت دەدەم ، نەهێڵن نا

هەولێر تو بی و قەلا ،

بە سەفین وخودا کۆڕەک ، بە قەرەچوغ ، سوێندت دەدەم ، نەهێڵن نا

سلێمانی تو بی و هەلاج ، تو بی و دابان

تو بی و دەسڕێژی شەوەهای سابوونکەران

بابان ، هەی کار خواکاری بابان و پاشای بابان

بە شەدەڵە و بە ژیلوان و بە گەنمی شارەزوورت سوێندت دەدەم

بە قەراخ و بە کێوە ڕەش ، بە سیروانی مێژووت

بە هەسارەی ناو هەڵەدن و سەرگەڵووت سوێندت دەدەم

نەهێڵن نا

کەرکووک توبی و کڵاوەکەی ڕەحیماوا ، تو بی و قەڵا ، بە ئاگرت سوێندت دەدەم

ڕانییە ، کفری ، کۆیە ، بە پێشەنگی ڕاپەڕینتان سوێنتان دەدەم

نەهێڵن نا

داڵە کەرخۆرەی شام و گورگ و عەجەم

لەهیچ لاوە ئاودیوتان بن

ئامانتان بم ڕانەچڵەکێن

پێ لەق نەکەن

ئەگەر هاتن و لە جێی هەر دارێ بڕیان ،

گەمژەین گەر یەک بە هەزار باخیان بە پێوە نەسووتێنین

عوومریان بەخەڵووزی کۆنە ساڵ نەکەین !

لەجێی ناشتنی هەر جریوەیەک

گەلحۆین ئەگەر بازیان بە فڕینەوە هەڵنەقرچێنین !

بمبەخشن ، بەڵام زۆڵین زۆڵین ئەگەر

له جێی زریکەی هەر کانیاوێ ،

له جێی خەزانی هەر لاوکێ

له جێی لاره ملی هەر چڵه گەنمێ

شتاقیان له زرێباری بارووت هەڵنەژەنین !

ئێوه بن و خودا ، کەڕەتێ تووڕەبن و تووڕه ..

ئێوه بن وخودا ، کەڕەتێ سامتان هەبێ و سام

ئەوانه کامیان پاشەڵیان لەپاشەڵی سەگ جوانتره و

لوورەیان له لوورەی گورگ بێوەی تره

ئامانتان بم ڕانەچڵەکێن

گەر هەموو به پێوه شەهید بووبین ، کەمه بۆ خاک

قەڵەم له دوای قەڵەم ، کتێب له دوای کتێب ، تفەنگ له دوای تفەنگ

لاس له دوای لاس ، شەم لەدوای شەم

دەبا چیتر نێچیری هیچ ڕاوچییەکیان قبوڵ نەکەین !!

دەبا چیتر دەممان هەبێ و خوێنمان هەبێ

دەبا چیتر سامان هەبێ و گڕمان هەبێ

ئامانتان بم ڕانەچڵەکێن

پێ لەق نەکەن ، ووڵات خوێنی دەوێ

پایزی 2007 / ئەڵمانیا

هەوڵێر بە سەفین وخودا کۆڕەک سوێندت دەدەم

گەر لە مەرگا دوا هەساره و دوا مەخلووقت هەڵکوڵابن

نەهێڵن نا ، دوپشکی ناو ژاره دەشتی ڕەقیبستان

پێ بەسەر بەڕەی قەدەرتاندا هەڵێنن

نەهێڵن نا ، دڵی تفەنگ ، دڵی پڵنگ ،

لەو قەندیل و بەورسانی وولاتەدا بشکێن

بە ڕۆژی ڕوون سامالّی خوا

لە کەرویّشکەی ئەو ئالایە بدزن !